# ڕووداوەکانی هەڵەبجە: سەرەتایەک بۆ بەخۆداچوونەوەی چەتە و سەرمایەدارەکان؟

بەختیار کەریم
bakhtyarkarim@hotmail.com

ئەو ڕۆژەی ڕاپەڕین لە سلێمانی دەستی پێکرد، دەنگۆیەک کەوتە شارەوە کە بۆ دواجار "پێشمەرگە" دابەزیونەتە ناو شار. هەڵەنیە گەر بڵێین کۆی دانیشتوانی شار بە جاشەکانیشیەوە لە چاوەڕوانی ئەو ساتەوەختە دابوون کە مرۆڤێکی ڕیشدرێژی باڵابەرز ببینن، مرۆڤێک کە بە درێژایی سالآنی بەر لە ڕاپەڕین سیمبوڵی ئازادی بوو، یان باشترە بڵێین مرۆڤێک وەک قارەمانی ئەفسانەکان بەرجەستەی ئازادی دەکرد. بەڵێ ئەو ڕۆژانە کە ڕۆحێکی ڕاپەڕیو هەبوو، ڕۆحی کورد کە لە پێشمەرگەدا نمایش دەکرا، ڕۆحێک ساتەوەختە کورتەکانی ئازادی دەژیا. لە ساتەوەختی ڕاپەڕیندا پێشمەرگە خودی ئازادی بوو، ئازادی بەفراوانترین مانا، ئازادیەک کە سنووری نەدەزانی و بەر لەو ڕۆژانە لە خەیاڵی شاعیر و خەونی زیندانیەکانیشدا نەبوو. ئەو ڕۆژانە پێشمەرگە و ئازادیی دوو ووشە بوون بۆ یەک مانا، دوو چەمک بوون بۆ یەک دیاردە، دوو ڕۆح بوون ساتەوەختەکانی بەدیهاتنی خەونی ئازادی گەلی کورد دەژیان. ڕۆژی ڕاپەڕین هەمووومان دەمانویست دەست بدەین لە پێشمەرگەیەک تا لە حەقیقەتی ئەو مرۆڤە باڵایە دڵنیابین کە باکی بە مەرگ نەبوو، هەمووومان دەمانخواست لەوان بچین وەک ئەوان چڵکن، ڕدێندرێژ، کەتافی لەبەر و پارێزەری کەرامەتی نەتەوەیی کورد بین. هەمووومان دەمانویست وەک ئەوان فێری هونەری بەرزی ژیان بین، ژیانێکی کولەمەرگی بەڵام بەهادار و پڕ لە شکۆ.

ئەو ڕۆژانە چییان لێهات؟ چ زوو بەسەرچوون؟ چما ئازادی دواجار بووە ناوی گەڕەکێک؟ ڕۆحی ڕاپەڕیو گۆڕا بۆ ڕۆحێک کە ئەمڕۆ لە لوتکەی گەندەڵیی خۆیدا دەژی؟ هەڵە نییە گەر بڵێین ئەمڕۆ کەس نایەوێت لەو مرۆڤانە بچێت کە ڕۆژانێک شۆڕشگێر بوون و ئەمڕۆ دز، ڕۆژانێک برسی و پێپەتی، ئەمڕۆ ورگزل و سەرمایەدار. بەڵام نارەوایە گومانمان هەبێت کە زۆرێک لەو مرۆڤە باڵایانەی سەدەمی ڕاپەڕین تا ئێستاش بەهەمان شکۆی جارانەوە لە شەقامەکانی کوردستاندا دەسوڕێنەوە یان لافاوی بەدڕەوشتی و گەندەڵی لەنێو هاوڕێکانی شاخیاندا ناچار بەسەرهەڵگرتنیان کردوون بەرەو تاراوگە. ناکرێت ڕێزی بێپایان لەو مرۆڤە دڵسۆزانە نەگرین کە ئامادەنین گەندەڵ بن، ئەگەرچی ئەو نائامادەییە بەگران لەسەریان ڕادەوەستێت. بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستی ئێمەیە ئەو کۆمەڵە مرۆڤەیە کە هەموو بەها جوانەکانی سەردەمی شۆڕشگێڕییان خستۆتە ژێر کەوشە گرانبەهاکانیانەوە و ئەمڕۆ وەک کۆمەڵێک چەتە لەسەر جەستەی کوردی هەژار دەژین. ئەو کۆمەڵە مرۆڤەی هەموو سنوورەکانی ئەخلاقیان بەزاندوە و داوای ڕێزگرتن دەکەن، بەڵام لە ڕاستییدا ئەو کۆمەڵە چەتەیەی کە ئەمڕۆ لە کوردستان فەرمانڕەوان شایانی هەموو شتێکن تەنها ڕێز نەبێت. دواجار کە کرداری ئەوان هەموو سنوورەکانی ڕەوشتبەرزی دەبەزێنێت زمان ناتوانێت لە چوارچێوەی ڕێزدا پێناسەیان بکات، کۆمەڵێک چەتە کە دروست دەزانن ئەوەی دەیکەن بەدڕەوشتیە و هیچ ئایین، یاسا، ئایدۆلۆجیا یان ئەخلاقێکی کۆمەڵایەتیی قبووڵی ناکات، دەبێت ئەوەش بزانن کە ڕۆژێک ئەو لاوانە بەردبارانیان دەکەن کە چ ئومێدێکیان بە ئێستا و داهاتوو نەماوە.

دەکرێت ئەوەی لە هەڵەبجە ڕوویدا ئاماژەیەک و زەنگێکی هۆشیارکرنەوە بێت بۆ ئەو چەتانەی شەرم ناکەن هەڵەبجە بەدرێژایی ساڵ لەیاد بکەن بەڵام ڕۆژی یادکردنەوەی جەستەی بریندارێ فرمێسکی تیمساحی بۆ بڕێژن. ئەوەی لە هەڵەبجە ڕوویدا هەرچیەک بێت و هەرچۆنێک لێیبڕوانین شایانی دووبارەبوونەوەیە ئەگەر ئەو دوو پیاوە سەرمایەدارەی

سەرۆکایەتی چەتەکانی کوردستان دەکەن ڕەفتاری خۆیان نەگۆڕن. ئەگەر ئەو دوو پیاوە سەرمایەدارە و چەتەکانی ناو حکومەت و حیزبەکانیان و ڕۆژنامەنووس و ماعیرەکانیان واز لەو گەمە قێزەونانە نەهێنن کە خەڵکی کوردستان کەللەیی دەکات ئەوا دەیان خۆپیشاندانی توندوتیژی دیکە لێرەو لەوێ ڕوودەدات.

ئەوەی لە هەڵەبجە ڕوویدا، بەدەر لەهەر ڕامان و لێکدانەوەیەک بۆی، زەنگێکە بۆ ئەو دوو سەرمایەدارەی سەرکردایەتی کورد دەکەن (بارزانی و تاڵەبانی) کە هەموو دەروازەکانی گەندەڵییان بۆ چەتەکانی دەورووپشتیان ئاوەڵاکردوە. هەر لە پاش ئەو ڕووداوەی هەڵەبجە گیانی ئەو لاوەی بووە قوربانی و ئازاری خەڵکی شارەکە بۆ جارێکی دیکە لەیادکران و شەڕی ڕاگەیاندنی نێوان حیزبەکان دەستی پێکردەوە. ئەو نووسەرە بێشەرم و بێرەوشتانەی شەو لە ئاوەدەستخانەی چەتەکاندا ڕۆژدەکەنەوە دەیانەوێت لەپشتی ئازارەکانی هەڵەبجەوە تووشی کارەساتێکی ترمان بکەنەوە و لەڕێگای دروستکردنی چەندین تیۆری پلانگێڕیەوە حیزبەکانی خۆیان لە بەرپرسیارێتیی پەنابدەن و حیزبەکانی دیکە تاوانباربکەن بە بەکرێگیراویی بێگانە و دەوڵەتانی دراوسێ. ئەم نووسەرانە هیچ بەهایەک نییە سنوور بۆ نووسینە بێمانا و پڕ لە کینەکانیان دیاربیکات، بەبێ ئەوەی بیر لە دەرئەنجام بکەنەوە هەرچیکەیان بۆ بکرێت دەیکەن بۆ بەردەوامبوونی ئەو دۆخەی ئێستا کە ئالیفی ئەوان دەستەبەر دەکات.

بێگومان بۆ ئاشنابوون بە ڕاستییەکانی ئەو کارەساتەی هەڵەبجە دەبێت چاوەڕوانی میدیای حیزبیی بین بۆ ئەوەی بە هەوای کۆشکی سەرۆکەکانیان پێمان بڵێن چیی ڕوویدا. بەڵام هیچ شتێک پاساوی کوشتنی لاوێکی بێتاوان ناداتەوە، هیچ بیانویەک یان تیورییەکی پلانرێژیی بەرپرسیارێتی یاسایی، سیاسیی و ئەخلاقیی لە ئەستۆی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان داناماڵێت. چما لە فەڕەنسا بە سەدان ئۆتۆمۆبیل، خانوو و دوکان سوتێنرا و پۆلیس بەبێ کوشتن توانیان کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکەن، بەڵام لە کوردستان بەبێ کوشتن ئەم کارە نەکرا؟ دواتر لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە ئەو شیوەنەی ئەمڕۆ نووسەران و ڕاگەیاندنی یەکێتی بۆ سوتاندی ئەو مۆنۆمێنتەی دەکەن دەبوایە بۆ خوێنی ڕژاوی ئەو لاوە بێتاوانە و ئازاری بەردەوامی هەڵەبجەییەکان بوایە، بەدەر لەوەی ئەو مۆنۆمێنتە سیمبولی شەهیدانی هەڵەبجە بوو، یان کەرەستەیەک بوو بۆ سواڵی حیزبەکان، دەبێت سڵ لەوە نەکەینەوە کە دان بەو ڕاستییەدا بنێین کە خوێنی ئەو لاوە گرانبەهاترە لەو مۆنۆمێنتە و هەموو سیمبوڵە ساختەکانی دیکەی حیزبی کوردی. ئەوەی ئەمڕۆ زەرەرمەندە کەسوکاری ئەو لاوە و خەڵکی هەڵەبجەن نەک ئەو بەرپرسانەی چەندین ساڵە لەسەر جەستەی هەڵەبجە دەلەوەڕێن.

یەکێتی دەبوایە لەجیاتی تاوانبارکردنی لایەنەکانی دیکە و سامناکترکردنی بارودۆخەکە داوای لێبوردنی لەو هەڵەبجەییانە بکردایە کە بە گێرەشێوێن لەقەڵەمیان دەدات. ئەو لاوانەی بێئومێدی ناچاریکردن کە تووڕەیی خۆیان بە کانەڵێکی ناشیاودا بەرن هەرچیەک بن بەکرێگیراو و گێرەشێوێن نین، ئەوانە کۆمەڵێک لاون کە نوێنەرایەیی زۆربەی خەڵکی کوردستان دەکەن کە یاری بە هەست و پیرۆزییەکانیان دەکرێت. یەکێتی دەبوایە داوای لێبوردنی لە کەسوکاری ئەو لاوە بکردایە کە دەشێت دەیان خەونی هەبووبێت بۆ خزمەتکردنی شار و وڵاتەکی، نەک لە ڕێگای ڕاگەیاندن و چەواشەکاری بەعسئاساوە هەوڵی گۆڕینی ڕاستییەکان بدات.

لە کۆتاییدا دەکرێت لە ڕووداوەکانی هەڵەبجە وەک پەیامی خەڵکی تووڕەی کوردستان بڕوانین بۆ ئەو سەکردە سەرمایەدار و چەتانەی هەر لە خەمی خۆ دەوڵەمەندکرد و بیناکردنی باڵەخانەی چەند نهۆمیدان. پەیامێک کە بە سارمایەدار و چەتەکان دەڵێت ئەگەر بەخۆتاندا نەچنەوە کۆشکەکانتان دەکرێنە گەوری ئاژەڵی کوردی هەژار و تووڕە و ئەوەی بە هەژدە ساڵ لە دزی و جەردەیی پەیداتان کرد بە شاڵاوێک لێتان دەردێننەوە.

06/03/18

ئۆکسفۆرد/ئینگلاند